

# ديموكراسى لە كۆمەڵگا چەقیوەكاندا
# لە نێوان ( گووتن و پڕاكتیزەكردنیدا )

**جەزا چنگیانی**

## كۆمەڵگای چەقیوو ( كۆمەڵگای ئیسلام و جیهانی سیهەم )

( **گووتن** ) : پەیڤین وسەرنجەكانی ڕۆشنبیرە دیموكراسیخوازەكانی دەرەوەی دەسەڵات لە مەر دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی .

**پڕاكتیزەكردن** : پیادەكردن و كارپێكردن و ڕێزلێنان لە تیڕوانین و بۆچون و سەرنجەكانی دیموكراسیخوازەكان لە لایەن دەسەڵاتەوە .

ئەم دوو چمكە لە پڕۆسێسی دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگادا بەردی بناغەی گۆڕانكاریە بنەوییەكانی كۆمەڵگایە . هەر كۆمەڵگایەك پەیڕەوی ئەم دوو چمكە نەكات . قسەكردن لە مەڕ دیموكراسی هیچ مانایەكی نیە لە ( هەرایەك ) زیاتر .

قسەكردن لەمەڕ دیموكراسی لە ( كۆمەڵگا چەقیوەكاندا ) كاتێك بازاڕی گەرم بوو.كە بلۆكی سوسیالستی ڕما . تا ئەودەمە دیموكراتیزەكردنی جیهانی چەقیوو ( جیهانی سیهەم ) بابەتی ڕۆژ نەبوو . بەڵكو بابەتی ڕۆژانە خۆبەستنەوە بوو بە گرفتەكانی هەردوو جەمسەری شەری ساردەوە . هەردوو جەمسەری شەرنگێزیش لە پیناوی بەرژەوەندی و پارسەنگی ئیستراتیجیتی شەرەكەیان لەزۆر شویندا كۆمەكەر و دروستكەری ڕژیمە دیكتاتۆر و ڕێكخراوە ئیسلامە ئاشوب ئامیزەكان بوون .دوای ڕمانی دیوارەكەی بەرلین لە كۆمەڵگا چەقیوە پڕ ئاشوبەكاندا ( جیهانی سێهەم و ئیسلامی ) بەهۆی نەبوونی بەرنامەی ئەلتەرناتیفی دەسەلاتی باو و ئاوزان و كولتورێكی دیموكراتی بۆشایەك دروست بووبوو ئایدۆلۆژیتی ئیسلام و ڕادیكالیەتی ناسیونالیستی بوون بە ئەلتەرناتیف خۆیان ترازاندە ئەو بۆشاییەوە ئاشكراشە ئەم دوو تەوژمە هزری یە ستركتۆر بنەمایان بە دیموكراسی هەڵنجیان دێ .... هۆكەشی .

1) ئیسلام لە زەمینەی ئاشوبە و ڕەحمێکی تۆڕەی خۆیناویی کۆمەڵگایەکی گەوجەوە



لە دایك بووە. بۆیە هەر بە تۆڕەی و ئاشوبەوە بەرەو ڕووی ڕووداوەکان دەبێتەوە لە خۆینڕشتن و سەربڕین و بەکارهێنانی چەك و هێز هیچ ڕێگەیەیکی تری بۆ هەزمناکرێت . لە تەواوی میژووی وئیسلامدا کێشەیەك نیە لە نێوان ئیسلام و دژەکەی بە ڕێگەی دیلۆگی بێ زیرۆ ( صفر ) یانی هەردوو لای کێشەکە ماف و کەسایەتیان لە دەستنەدابێت و چارەسەرکرابێت . تا ئیستاش لەو نیشتمانەی ئیسلامی تێدا دروست بووە ( سعودیە ) یاسای 1500 ساڵ لە مەوبەر پیادەدەکەن ( تکایە بڕوانە وینەکان ) *2

2) لاوازی ونا زانستیانە بیرکردنەوە و پیادەکردنی هزری چەپایەتی نالۆژیك . ( مارکسیەت ئەگەر زانستیانەترین هزری ئەلتەرناتیفی دەسەڵاتی باو کەپیتالیزم بێت ئەوە لینین سەقەتیکرد و نیشتمان و نەتەوەکەی پێداوەشان و چەپی وولآتانی چەقیویش هەر بە سەقەتی دەیانگۆیزایەوە.

3) ئاوسانی گرفتە ناسیونالیستە بێ چارەکان و زاڵبوونی باڵی شۆفینی ناسیونالیستی باڵادەست .

دوای گرفتە خویناوییەکانی ئیسلام و جەنگە ناسونالیستە ڕادیکاڵەکان . زلهیزەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی بۆ چارەسەر و کۆنتڕۆڵکردنی سیاسی و ئابووری ( گلۆبالیزم ) دەبێ ئەڵتەرناتیفێك بدۆزرێتەوە دەسەڵاتی سیاسی بەڕێگەی دەنگدان وکۆی دەنگ دەستنیشان بکرێت و سیستەمی ستالینی بگۆڕدرێ . ئەگەر (ئەمە لە تیوری ئاوزانی مرۆڤی ئەوروپی و کۆمەڵگای بزیودا ڕاست بێت . ئەوە لە پڕاکتیکی کۆمەڵگای چەقیوی ئیسلام وجیهانی سێهەمدا نەك هەڵەیە بەڵکو کارەساتە ) . ڕیکۆردکردن لەتەك زەمەن و زۆرانگرتنی دیالۆگ لە تەك مێشکە ووشکەکانی سورەت وئایەتە خۆیناویەکانی قورئان وقەڵەمباز بەسەر ئاوزانی شۆفینستی ناسیونالیستی باڵادەست . لەسەر ویستی دەستەی تاقانە و سەرکۆزەری

کۆمەڵگا . کۆمەڵگای چەقیو لە زەنگاوی توڕەبوون ڕزگارناکات .( گۆڕان دەبێ لە ویست وتێگەیشتنی دەستەکۆی کۆمەڵەوە بێ ) کە ئەمەش پێویستی بە کۆمەڵی فاکتەر هەیە * 1 .

دەبێ کۆمەڵگا لە خەوی گەوجی وخرافیاتی ئیسلام و لوتبەرزی شۆفێنی ناسیونالیستی باڵادەستی ڕابچڵەکێنن . ئەمەش تەنیا بە خۆڕاپسکاندنێکی فراوانی ڕۆشنبیران و شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەبێ .
ئیستا لە کۆمەڵگا چەقیوەکاندا توێژیکی تەنك نووزەی بەئاستەمی ( گووتن ) یان لە سەر دیموکراسی لێدیێ . وەلی دەسەلاتی ( رەها )ی جیهانی چەقیوو ( بە گۆی ) قسەکەر ( نا ) کات . چونکە ئەوانەی دەسەلاتیان هەیە بەرهەمی ڤیگۆری ڕۆشنبیری نۆی کۆمەڵگا و لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئاسای و پوختەوە هەڵنەبژێراون . دەسەلاتی هزر و دەسەلاتی سیاسی وئابوری قۆرخی دەسەلاتی ( ڕەها ) ی کۆنن ئەگەرەکوش درزێکی بچوکیش بکەنە دەروازەی قەلای ستەمیان تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئارایشی ڕووی خۆیانی پێبکەن . هەر کەسێکش تۆزێك بترازیت ئەوە سزاکەی کوشتنە وەك تیرۆرکردنی زانای کورد بەڕیز مامۆستا ( معشوقی ) لە لایەن رژێمی سوریەوە . ئەوانە هەمان دیکتاتۆری سەردەمی کۆنن بە ڕەنگێکی ترەوە بۆیە دەبینین تائیستا لە زووربەی ئەو وولاتانەی دوای 1989 بیرسترۆیکا باس لە دیموکراتی دەکەن هەمان دەسەلاتی کۆنن بەڕوویەکی ترەوە. هەڵەیەکی هزری قەبەیە ئەگەر گۆڕینی ڤیگۆری سیاسی بە ڕوویەکی گەشی دیموکراتی دابنێن . لە ئیران و تورکیاو سوریا و دوای ڕمانی صدامیش لە عیراقیدا . ڕوو و فیگۆرەکان دەگۆڕێن . وەلی ئاوزانە تاکڕەو و شۆفینیتی ناسیونالیستی زاڵ باڵادەستە . ئۆپۆسزوێن بوونی نیە . ئەمانە وەك ڕوو جیاوازن وەلی وەك کرۆکی ئیستراتیجی دەسەلات یەك کرۆکن بۆیە دەنگ و ڕەگەزە جیاوازەکانی ناو زیندانەکانی ئەو وولاتانە لە مافدا یەکسان نین .*3

## کورد و کورد لە پەرلەمانی کوردستاندا

ئەگەر پەرلەمان ڕووی ( **کۆدەنگی** ) کۆمەڵگا بێت ئەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا کە زووربەی لە لایەن یەکیتی و پارتیەوە قۆرخکراوە و دەنگی دەرەوەی ئەو دووپارتە بە قەبارەی پێویست بوونی نیە . ناتوانین ئەو پەرلەمانە بە پەرلەمانێکی ( **کۆدەنگی** ) کۆمەڵگا بنەخشێنین . گەر سەرنج بدەینە(**کۆدەنگی**) کەناری هەڵبژاردنەکەی باشوری کوردستان وسەیریکی پێداویستی و ویستیە کوردیەکەی مرۆڤی کورد بکەین دەبینین ( دیموکراسیکردنی عیراق وفدریالی ) ویستی زوربەی مرۆڤی کورد نەبوو . بەڵگەش لە تەنیشت کۆکردنەوەی دەنگ بۆ پارتەکانی باشور . پرسیاری ( دەوڵەتی ) کوردی لە مرۆڤی

کوردکرا . ئەوە بوو ئەو پرسیارە لە 98٪ ی دەنگی هانی ئەمە ویستی ڕۆژی تاکی کوردبوو. وەلی دیموکراسیخوازەکانی کورد ( ی , پ ) چونکە شەیدای بەرژەوەندی سەرکردە وپارتەکانیانن . گۆیان لە داخوازی 98٪ دانیشتوانی کوردستان نەگرت . ڕۆشنبیرانیش ئاوڕیان لە ویستی مرۆڤی کورد نەدایەوە نەیانتوانی ڕیکخراوێکی ( نەتەوەی ) دروستبکەن . ئەو ڕێژە مەزنەش بەڵگەیەکە کە خەڵکی باشوری کوردستان خاوەنی ئیستراتیجێتێکی ترن کە زۆر دوورە لە ئیستراتیجتی ( یەکیتی و پارتی ) یەوە . گۆی نەگرتنی دەسەڵاتی ڕەهای کوردی ( پ . ی ) لە ( **کۆدەنگی** ) مرۆڤی کورد وپاشقولگرتنی ( الجعفری ) سەرۆك وەزیرانی هەڵبژیراوی کاتی عیراق مانای بێ نرخکردنی ویستی مرۆڤی کورد ودەسەڵاتێکی نادیموکراتی لە باشوری کوردستان و عیراقدایە .



**گوڵە ئافرەت لە کۆمەڵگایی چەقیودا**

*1 بڕوانە ووتاری ( پەیوەندییە بنەویەکانی کەپیتالیزمۆز بە پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاوە ) ماڵپەڕی دەنگەکان .

*2 گۆڤاری DER SPIEGEL Nr 22 -----24/05/2004

*3 بڕوانە ووتاری ( ئۆپۆسزوینی عیراقی و بڤەیەکی چاوەڕوان ) ماڵپەڕی کوردستان نیت

07/06/2005

سان پیترسبۆرگ

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de